به ناوی کوردستانی گەورە !

# گەلی کورد و ورچی قوتبی !

ح . س . سۆران
soran909@hotmail.com

لە باژاروکی چکۆلەی جیهانی ئەمرۆدا ، مەسەلەی دەوروبەری ژینگە گرنگیەکی زۆرتری پەیدا کردوە و جێگەکان و شتەکان رژدتر (جیددیتر) شوێن لەسەر دەوروبەری خۆیان دادەنێن. مرۆڤیش پێویستە بە باشی هەوالی لە دەوروبەری خۆی ببێ.

یەکێک لەو شتانە کە لە دەوروبەری گەلی کورد هەیە، مەسەلەی دەوڵەتی رووسییە یە، کە بمانەوێ و نەمانەوێ، ئەویش بە چەشنێکی تایبەتی خۆی، وەک دممەلێکی شێرپەنجە، لە جێیەکی پەڕ (دوور) ی بن ملمان دەرهاتوە.

تێبینی : بۆ پاراستنی شەرەفی فریشتەی دادگەری، دەبێ بلێم، کە سێرە (هەدەف) ی ئەم نووسراوەیە نابێ تەواوی گەلی رووس بە تێکرایی بێ، بەڵکە رێبەرەکانیانە، چون هەروەک دەزانین، لە نێو هەمو گەلاندا، چاکیش هەیە و خراپیش هەیە.

ئێستا لەدوای ئەو تێبینیە پێوێستەی سەرەوە، با بێمە سەر خودی دەقی باسەکە :

بەرپرسانی دەوڵەتی رووس، تەنانەت لە کاتی سەلتەنەتی کۆمۆنیستی کاکە ئەستالینیش دا، کە بە وتەیەک گۆیا پارێزەری چەکوش و داس و شەرەفی چینی چەوساوەی دنیا بوون و تابلۆی یەکیەتی سۆ ڤیەتیان لە سەر سنگیان دابو ، هێندە بەشی کارگەران، وەرزێران و چەوساوەکانیان لەگەڵ گۆشتی بەرازدا خواردبو ، کە وەک ورچ ورگیان لێ زل ببو. جا، چون شاری مەسکەویش لە قوتبی باکوور نزیکە، مێدالیای نازناوی ورچی قوتبی یان پێ داون - چ لە کاتی سۆڤیەت بوونیاندا، چ لەپێش ئەوە و چ لە پاش ئەوەش.

لە لایەکی دیکەشەوە، ئێستاش لە هەر جێگەیەک باسی سەندنی مافی گەلی بەشخوراوی کورد دێتە گۆڕێ، هەستی چەکمەی نالەباری پووتین یش، دژ بە دۆزی کورد دەبیسترێ.

ئەم هۆنراوەیەشم، هەر بەم بۆنەیەوە نووسیوە :

ورچی قوتبی خێر و بێری بۆ گەلی کورد قەت نەبو
هەستی زرمەی نالەباری چەکمەیی پۆتین ئەکەم
ئەز هومێدم دەستوبازوی پاڵەیی کوردە لە کوێ
تازە باسی چەکوش و داسی کاکە ئەستالین ئەکەم ؟

بۆ ئەوەی کە هەروا بە بێ بەڵگە ئەم شتانەم نەوتبێ، وەک مشتێک لە گشتێک، یەکجار زۆر بە کورتی و بە سەرپۆرت، ئاماژە بە چەند هەڵوێستی دژی کوردی ورچە قوتبیەکان دەکەم :

١- لە کاتی جەنگی جیهانی هەوەڵدا، رووسە سێزارەکان، بەشێکی زور گەورە لە کوردستانی مەزنیان داگیر کردبو و هێندە ستەمی دژ بە کوردیان ئەنجام دا، کە دەتوانین ناوی بنێین یەکێک لە ئەنفالە دژ بە کوردە کان، لە پاش ئەنفالی عوسمانیەکان. بۆ وێنە کوشتاری خەڵکی شاری مەهاباد(ساباڵاغی ئەو کاتە)، لە نێو بردنی هەزاران کورد، لە حەنگی باتڵاغی مەرەندو سۆفیان، کە تا جێگەیەک بیستوومە، یەکێک لەو خۆشەویستە شەهیدانەی کورد لەو جەنگە داسەپاوەدا، نەمر قازی فەتتاحی مەهاباد، کەڵەپیاوی مەزنی ناوچەی موکوریان بوە، کە بۆ دەرکردنی ورچە قوبیەکان لە کوردستان، تا ئەو ناوچەیە راوی نابوون. هەر لەو کاتەدا ، سەر کێوی ناڵەشکێنەی لای شاری بۆکان، چەند ساڵ ناوەندی تۆپخانەی رووسەکان بوە، تا ئەم ساڵانەی دواییش، بان ئەم کێوە پری بوەلە قاپوورە فیشەکی چەکی رووسەکان. لەپاشان، وای لێ دێ، کە تەڤاریشچ (هاواڵ) ە قوتبیەکان، لە نیوخۆدا، ساڵی ١٩١٧ دژی حکوومەتی قەراڵ(پادشا) ی سێزاری شۆرش دەکەن، زوربەی بنەماڵەی پادشا

دەکوژن و بۆلشۆڤیک (زۆرایەتی) ەکان، مێنشێوڤیکە (کەمایەتی) ەکان قەلاچۆ دەکەن و بە هۆی ئەم ئالوگۆڕە بەربلاوە ناوخۆییە، مەجبوور دەبن لە کوردستان بکشینەوە —نەک لەبەر خۆشەویستی کورد و شتی مرۆڤایەتی. لەم چەند سالە داگیرکردنەدا، رووسەکان هێندە ستەمیان لە کوردی هەژار کردوە، داستانی جەفەنگی عورووسە تۆپیو، کەوتوەتە سەرزاران، کە بۆ پاراستنی رێزی کیبۆرد (حرمت قلم) جارێ نایگێڕمەوە —دایدەنێم بۆ کاتێکی شیاو. بە کورتی لەم ئەنفالەش دا، هێندە زولم و زۆریان لە کورد کردوە، کە دوای رۆیشتنی رووسەکان لە کوردستان، نزیکەی سێ سال لەم هەرێمە گرانیەک هاتوە بەناوی سالی قاتوقڕەکە، کە بۆ وێنە زۆر کەس لە ناوچەی موکوریان، لەبرسان گۆشتی پشیلەیان خواردوە، رێگەکان لەبەر هاتوچۆنەکردنی خەلک، گیایان لەسەر شین بوە و کوێر بوەنەتەوە و هەزاران مەرگەساتی دیکەبە سەر کورد هاتوە، کە نەبارینی بارانیش بۆ ماوەیەکی زۆر خراپتری کردوە (پێویستە مێژوی دلتەزێنی ئەم ئەنفال و مەرگەساتە، لە چەند کتێبی گەورەدا بنووسرێ). پاش ئەو قاتوقڕ(گرانی)ە گەورە، کە خەلکی لە برسان، مردویان بە کۆڕ لەقەبر ناوە، بە مەیمەنتی وجوودی شۆخ و شەنگ و خشپیلانەی ورچە قوتبەکان و ئەنفالە رووخینەرەکەیان، ،نەخۆشی وەباش لە رۆژهەلاتی کوردستان بلاو بوەتەوە. دەلێن لە هێندێک جێگە مرۆڤی بە وەبا مردو، وەک گەلای داری شەمزاوی مانگی گەلارێزان، بەسەر یەکتردا یەکچین و دو چین، کەوتبوون.

-٢ لە کاتی کۆماری کوردستان (١٩٤٦) دا، کە بارودۆخێکی وەک ئێستای عێراق(٢٠٠٣ی زاینی) لە ئێران هاتبوە پێشەوە. ئەمجارە رووسە هاوال (تۆڤاریشچ) ە کان - وەک ئێستای ئامریکا - بەلێن و مەلێنێکی زۆریان بە کورد دا و کۆماری کوردستانیان، بە قەولی خۆیان بۆ یارمەتی بە کورد دروست کرد، کەچی کاکە ئەستالین، خەلیفە چەرچیل و میرزا ئایزێنهاوێری سەرۆک کۆماری ئامریکا، لە شاری تارا ن کۆبوونەوە و هاوال ئەستالین، کۆماری کوردستان و تەواوی بەلێنەکانیانی بە چند عەیارە (زەرفی نەوت)ی سەر کاغەز، بە شای ئێران فرۆشت، ئەویش بە نەوتی هێشتا دەرنەهاتوی باکووری ئێران، نەک نەوتی دەرهاتوی باشوور. دوای ئەم معاملە نەوتیە، کاکە ئەستالین و هاوپەیمانەکانی، سپای شای ئیرانیان لە کۆماری ساوا و بەرحەققی مەهاباد بەردا و دوای رووخاندنی کۆمار، نزیکەی بیست نەفەر لە رێبەرانی مەزنی کۆماری کوردستانیان خنکاند، کە لەبەر ئەوەی نەلێن برێک لە رساتەقینەکانت نەوتوە، دەلێم یازدە نەفەر لەو کەسانەی لەداردران، لە بنە مالەی من (فەیزوللا بە گی) بوون، بەم چەشنە :

- ئەوانەی کە لە بنە مالەی دایکەوە لە هۆزی ئێمە بوون : سەرۆک پێشەوا قازی محەممەد، سەدری قازی و سەیفی قازی.

- ئەوانەی کە لە بنەمالەی باوکەوە لە هۆزی ئێمەبوون : ئەحمەدی فارووقی (سالار)، عەلی شێرزاد، ئەحمەد شەجیعی، عەلی فاتیح، محەممەد دانیشوەر، عەبدوللا مەتین، محەممەد فەیزوللا بەگی و حەسەن فەیزوللا بەگی.

هەرچۆن بو، بە یارمەتی رووسە بەناو نەجاتدەرەکان، کۆمار رووخا و پاشماوەکەی خۆتان باشتری دەزانن.

-٣ ئەو کارەش کە رووسەکان، لە دەورەی دیکتاتۆر ئەستالیندا و لە شوورەوی، بە سەر کوردە هەژارە پەناهێنەرەکانیان هێناوە، لە تاقەتی بەیانی ئەم نووسراوە کورتەدا نیە و وا باشە کتێبە سەرنجراکێشەکەی بەهەشتی کاک دوکتور قادر ئاسۆ بخوێننەوە، بە ناوی (خاطرات پر ماجراي دکتر قادر محمودزاده ئاسۆ) بە زمانی فارسی.

-٤ لە کاتی شۆڕشی عەبولکەریم قاسمیشدا، لە بەغدا، دیسان کارەساتی دلتەزێنی کۆماری مەهاباد دووپاتە بوەوە و ئەو قەول و بەلێنانە کە رووسەکان، سەبارەت بە سەندنی حوکمی زاتی و ئۆتۆنۆمی لە بەغدا، بە کوردیان دابو، ئەویش بو بە دووکەلی نەوت و مەوت و بە قەولی کوردی بو بەخشەخشێ(لەبیر چووەوە) و دیسان هەلۆ بەرزەفڕەکانی کوردستان، مەجبوور بوونەوە رمل و لمی بیابانی بەغدا بەجێ بهێلن و رو بکەنەوە چیا سەربەرزە کانی بارزان و ئەزمەر - چون، بۆ هەلۆی بەرزە فڕی بەرزە مڕی ...

٥- كاتێک کە سەرۆک ئاپۆ ، لەسەر مافی رەوای کورد، گیانی کەوتە مەترسی و ویستی پەنا بەرێ بە رووسەکان، بۆ خۆتان لەبیرتانە چۆن بەرەوپیری هاتن، لەبەر ئەمە لەم بارەیەوە، کاتتان ناگرم.

لەم مانگانەشدا کە مەسەلەی نەجات دانی خەڵکی چەوساوەی عێراق هاتە گۆڕێ — کە یە کێک لەوانە کوردە —، ورچە قوتبیەکان دیسانەوە بوونە لایەنگری مافی مرۆڤی سەددام، نەک لایەنگری خەڵکی عێراق. ئەگەر خەڵکی جیهان بە لایەنگری لە خەڵکی بێ دیفاعی عێراق دژ بە هێرشی ئامریکا دەوێستان، پووتین بە هاورێیی شیراک، فەقەت بە لایەنگری لە خودی سەددام قسەی دەکرد، کە بە سەرمایەی رووس و فەرانسە، لە قەسرەکانیدا کارخانە (مەیخانە)ی دروستکردبو.
ئێستاش، هەر تاوێک نەتاوێ، حکوومەتی روسیە، بەیاننیەیەک دەر دەخا و لە لەگەڵ هی لەخۆی زۆر خراپتر، لەسەر لەتوکوت نەبوونی خاکی عێراقی *کۆنی هەشتاساڵە* ! قسە دەکا، کە بە مانای ئەمەیە گۆیا " کورد پشتاو پشت هەر رەعیەتی بەغدا بوە !.
لە هەموشیان سەرسوورهێنەر تر ئەمەیە، کەئێستاش رووسیە دەیەوێ لە ئاوەدانکردنەوەی عێراقی پاش جەنگدا، بەشداری شێلگێری ببێ - یانی مەبەستیان ئەمەیە، وڵات بۆ کەسانێک ئاوەدان بکەنەوە، کە بەر لە ٢١ مارسی ٢٠٠٣ ، دەیانویست بە درێژایی تەمەن ئەو کەسانە، چەوساوە و کۆیلەی سەددام بن.
هەتا بلێی سەیرە!!!!!

**بۆیە بە دڵنیاییە وە دەڵێم " ورچە قوتبیەکان، هێندە قوڵتەشەن، کە روویان لە بەردە پێی قەزوێن زبرتر و ئەستوور ترە " !.**

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org کوردستان نێت